پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەبارەی ڕووداوەکەی شەوی رابردوو ڕاگەیێندراوێکی بڵاوکردەوە

پارتی سۆسیال دیموکراتی کوردستان رایدەگەیەنێت، شەهیدبوونی گەنجێکی جوانخاس، زۆر نیگەران و داخداری کردین. هاوکات راشیگەیاند، ڕووداوەکەی ئەمشەو هەوڵێک بوو بۆ لەکەدارکردنی ناو و ناوبانگی ئێمە.

لەمیانەی راگەیەندراوێکدا حزبی سۆسیال دیموکراتی کوردستان لەبارەی ئاڵۆزییەکانی شەوی رابردوو رایگەیاند، بەداخەوە ئەو ڕووداوەی ئەمشەو هەوڵێک بوو بۆ لەکەدارکردنی ناو و ناوبانگی ئێمە و داوێکبوو کە زۆر هەوڵماندا خۆمانی لێلابدەین، بەڵام پەلکێشی ئەو بارودۆخەیان کردین.